www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22-10-2006 23:20

# کاری مستەفا هیجری و جەناحەکەی سڕینەوە، پاساودان و بێدەنگە لە راست هەڵەکانییەتی .. کاردۆ

هەموو دیکتاتۆرەکان چ گەورە چ بچووك خاوەنی هێندێك تایبەتمەندین کە سەیر وەك یەك دەچن. دەڵێی هەموویان لە یەك قوتابخانە دەخوێنن، یەك مامۆستایان هەیە و یەك کتێب دەخوێننەوە. سەرەڕای جیاوازیی رەنگ، کات و شوێنیان خاوەنی یەك پەیڕەون و کردەوەکانیان دەقی یەکترە.
مستەفا هیجری و جەناحەکەی پاش ئەوەی دەستیان بەسەر حیزبی دیموکرات داگرت، (وەك هەر دیکتاتۆرێك بە وەعدە و بەڵێنی زریقەدار و بریقەدار) راست کەوتوونەتە ئەم خەتەوە. مێتۆدێکی هەرە ناسراو و تایبەتمەندییەکی هەرە دیاری دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر ئەوەیە تەواوی قەیران و کەموکوڕییەکانی خۆی دەخاتە ئەستۆی ئەم و ئەو و"دوژمن"و "بێگانە"ی خەیاڵی. ئەمەش بۆ چەند مەبەست: 1) شاردنەوە و بەلاڕێدا بردنی زەینی هێندێك کەس لە کەموکوڕیو نەزانییەکانی خۆیان. 2) ترساندنی خەڵك لە تارمایی دوژمنێك کە لەراستی دا وجوودی نیە. 3) سەرکوت و حەزفی رەخنەگرانی وشیار و ئاگای نێو خۆ بە تۆمەتی کار کردن بۆ "دوژمن" و... هتد
سەیری ئەم دوو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی و مستەفا هیجری و قۆڵەکەی بکەن بزانن چەندە وەك یەك دەچن: کۆماری ئیسلامی بەردەوام بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی خەڵکی وەزاڵەهاتووی کوردستان بە هەوڵدان بۆ لەت کردنی خاکی ئێران تاوانبار دەکا. جەناحی کاك مستەفاش رەخنە و خۆڕاگریی کادر و پێشمەرگە دێموکڕاتەکانی حیزب لەبەرامبەر ئەو جەناحە دا بە هەوڵدان بۆ "لەت کردن"ی حیزب ناو دەبا. لە حاڵێك دا بۆخۆی دوای کۆنگرەی 13 بە کردەوە حیزبی لەت کردووە. کۆماری ئیسلامی بزووتنەوەی کورد بە نۆکەری بێگانە و دەسکردی ئەموئەو لەقەڵەم دەدا، جاران بەدەسکردی عێراق، جارێك ئیسرائیل، جارێك ئینگلیسو... کاك مستەفا و جەناحەکەی لە بەرامبەر ئۆپۆزیسیۆن و رەخنەگران دا پێی وایە دەستی دەرەوەی حیزبیان لەپشتە. لەم پێوەندییە دا زۆر هێرش دەکەنە سەر یەکیەتی نیشتمانی و جاروبارە ناوی پارتی دێموکڕاتیش دێنن و یەکیەتیی نیشتمانی بە پشتیوانی ئۆپۆزیسیۆنی نێو حیزب لە قەڵەم دەدەن. لەحاڵێك دا ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی ئێستا کە ئەوکات دەسەڵاتی هەبوو، لە رۆژگارە سەختو ناهەموارەکان دا حیزبی لە چەندین گێژاوی ترسناكو هێرشی نیزامیو چەندین ساڵ هێرشی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی پاراست و رەخنەی زۆر توندی لە هێزەکانی کوردستانی ئێراق کە یەکێک لەوان یەکیەتی نیشتمانی کوردستانە دەگرت کە لە بەرامبەر هێرشی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی دا لەسەر خاکیوان بۆ سەر ئێمە کەمتر خەمی دەکەن. لەگەڵ ئەوش دا ئوسووڵە دیپلۆماسییەکانی دەپاراست. ئەوانەی ئێستا چارەنووسی حیزبیان بەدەستە ئەوکات متەقیان لەخۆ بڕیبووو چاویان لە زاری ماموستا عەبدوڵلا حەسەن زادە بوو. بەڵام ئێستا کە هیچ هەرەشەیەك لەگۆڕێ دا نیەو لە سایەی ئەم جەناحە دا دوژمن پاڵی لێ داوەتەوە، ئەو جەناحە هیچ ئوسووڵێکی دیپلۆماسی وەبەرچاو ناگرێ. ئەوکات لەبەرامبەر رژانی خوێنی هاوسەنگەرانیان دا هەستیان بە مەسئولییەت نەدەکرد بەڵام ئێستا کە کەس کاری پێیان نیە کەچی بۆ شێواندنی زەینی خەڵك لە بارەی راستییەکانی نێو حیزب دا تەپو تۆزێکیان وەڕێ خستوە ئەوسەری دیار نەبێ. تەنانەت لە راپۆرتی پلینۆمی پێشتر دا بەو پەڕی سەر سوڕمانەوە ئەوکەسانەی رەخنە لە حیزب دەگرن بە تایبەتی لەسەر سایتەکان بە "خزمەتکاری دوژمن" تۆمەتبار کران! کەچی ئێستا بۆخۆیان سایتیان بۆئەم مەبەستە داناوە کە جگە لە جنێوو قسەی سووك شتێکی دیکەی تێدا بڵاو نابێتەوە.
ئەم جەناحە کە دووساڵو نیو دەبێ دەستی بەسەر حیزب دا گرتوە تەنیا کاری ئەوە بووە سکرتێر پەرستی بکاتە ئیدئۆلۆژیو لەجێی تەواوی ئوسووڵ و پرەنسیپە دیموکراتیکەکانی حیزبی دابنێ و تەنیا هەوڵی ئەوەیە حیزب یەکدەست بکاو هەرچەشنە جۆراوجۆریو جیاوازییەک کە بەردی بناخەی

دیموکراسین لە حیزب دا بسڕێتەوە. بەڵام خۆڕاگریو بەربەرەکانیی کادرو پێشمەرگە ئاگا و دێموکڕاتەکان، ئەو جەناحەی وا لێ کردووە دەست بۆ هەموو کردەوەیەکی نادیموکراتیك بەرێ. بۆیە لەو پێوەندی‌یەدا پەیتا پەیتا تووشی هەڵە دەبن، بەچەشنێك کە زەبرێکی قورسی لە ئابڕو و ئیعتیباری حیزب بە گشتی و جەناحی خۆیان بە تایبەتی داوە.

هێشتا ئارەقەی وتووێژەکەی کاك مستەفا لەگەڵ تەلەفزیۆنی ئەمریکا لە نێوچاوان نەسڕابوونەوە، ئەم جەناحە لە ڕێککەوتنێك دا بیروباوەڕە نەتەوەیی و دیموکراتیکەکانی حیزبی خستە ژێر پێی پان ئێرانیستە شۆڤینیستەکان. تەمومژی ئەم قەیرانەش نەڕەوییبۆوە هەڵەیەکی لەوەش کارەساتبارتر لەلایەن سەرۆکی ئەم قۆڵەوە رووی دا: لە بەرامبەر بێحورمەتی‌یەکانی کابرایەکی گومناوی ئازەری دا بە خاکی کوردستان، پێشەوا قازی و شەهید سمکۆی شکاك، نووسی: "نامەی پڕ مێهرو موحیببەتی جەنابتم پێ گەیشت"!! "لە کەسێکی وەك جەنابت هەر ئەوە چاوەڕوان دەکرێ"!! ئەو قسە جوانەی د. مێدقم دێتەوە بیر کە کاتی خۆی سەبارەت بە تەخشان پەخشان کردنی نەوتی ئێران بە بێگانە بە لاتاو بە شای گوت: " ئیدی دایکی رۆژگار رۆڵەی وەك تۆی نابێتەوە"!

بۆیە ئامانە بە هۆی ناشارەزاییو نەخوێندەوارییان، حیزبیان تووشی ئەم رۆژە رەشانە کردووە و زۆر نامەسئوولانە خۆیان لەژێر باری ئەم وەزعە دا دەدزنەوەو ئەم حیزب و ئەو لایەن بە هۆکاری ئەم وەزعە لەقەڵەم دەدەن. کاك چەکۆ رەحیمی لە وتووێژێك دا بێ پەرواو نامەسئوولانە هەوساری قسەکانی شل کردوەو حیزبە کوردستانەکانی عێراق بە تاوانبار دەزانێ کە لە گەڵ دژکردەوەی یەکیەتیی نیشتمانی بەرەورووو بوو و پاشان سکرتاریای کاك مستەفا خۆی لە قسەکانی وی بێ ساحێب کرد. چەکۆی رەحیمی کە وەك بەرپرسی دەزگای ئەمنیەتی حیزب ئەو دەزگایەی کردە ماشێنی سەرخستنی جەناحەکەی، لە دەربڕینی بۆچوونی جەناحەکەی دا بێ سەرپەنا مایەوە. بەد شانسیی کاك چەکۆ بەورادەیەیە کە لە حاڵێك دا نەزەری جەناحەکەی بەیان کردبوو (وە زوڵمی لە دوو حیزبی سەرەکی کوردستانی ئێراق و ئۆپۆزسیۆنی نێو حیزب کردبوو) کەچی جەناحەکەی روونکردنەوەی لەسەر دا و پشتی تێکرد. بەڵام شانسی مستەفا هیجری لە جەناحەکەی دا ئەوەندە زۆرە کە بە پێچەوانەی سیاسەتەکانی حیزب لە بەرانبەر بێحورمەتی کردن بە خاکی کوردستان و سەرکردە مەزنەکانی دا روونکردنەوەی لەسەرنادرێ هیچ، تەنانەت بە وەڵامێکی حەکیمانە و سیاسیانە!! شی لە قەڵەم دەدەن لە کاتێک دا تاوانەکەی چەند بەرابەری چەکۆ رەحیمی‌یە.